قوباد تاڵەبانی و کونسوڵی گشتیی کۆریای باشور لە هەرێم کۆبوونەوە



ئەمڕۆ پێنج شەممە، قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشوازی کرد لە سنچڵ لیم، کونسوڵی گشتیی کۆریای باشور لە هەرێمی کوردستان و پێکەوە تاوتوێی چەند بابەتێکی جێی بایەخی هەردوولایان کرد.

نوسینگەی راگەیاندنی قوباد تاڵەبانی لە راگەیەنراوەکدا باویکردەوە: لە کۆبوونەوەکدا کە ئەمڕۆ لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، گفتوگۆکرا لەبارەی چەنیەتی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە بوارەکانی تەکنەلۆجیا و پیشەسازی و گەشتیاریدا، هەروەها ئاوگەڵی بیروڕا کرا لەبارەی چەنیەتی سودوەرگرتنی هەرێم لە ئەزمونی سەرکەوتووی گەشەسەندنی ئابووریی کۆریای باشور.

هەر لە راگەیەنراوەکدا هاتووە، کە لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکدا گفتوگۆکرا لەبارەی گرنگی هەمەجۆرکردنی ئابووری هەرێمی کوردستان و پشتبەستن بە توانای گەنجان لە بوارەکانی داهێنان و تەکنەلۆجیا. لەمبارەیەوە قوباد تاڵەبانی تێوانینی خێی لەبارەی باشکردنی پرسی حکومانی و پێشخستنی ئابووریی هەرێمی کوردستان خستەڕوو، و داواشیکرد کۆریای باشور هاوکاریی زیاتری هەرێمی کوردستان بکات بەتایبەتی لەڕگەی بەشداریکردنی شارزایی و ئەزموونی سەرکەوتووی ئەو وڵاتە.